# شەحنکەرەوەی وایەرلەیسی ئاداتا



شـــەحنکردنەوەی ئامێرە دیجیتالییەکان لەگەڵ پێشـــکەوتنی ئامێرەکان گۆڕانکاری بەســـەردایێت و لە کێبڵیەوە دەبێتە وایەرلەیس، چەند جارێك لە بەشی ئایتی گۆڤارەکەماندا تیشـــکمان خستۆتە ســـەر چەند شـــەحنکەرەوەیەکی وایەرلەیس. بەمدواییە یەکێکی دیکە لە شەحنکەرەوە وایەرلەیسەکان کەوتۆتە بازاڕ بەناوی ADATA CE700 تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن:
5 ڤۆڵـــت وەزە وەردەگرێ و هـــەر 5 ڤۆڵتەکەش دەداتەوە، بە کێبڵی Micro usb کارەبا وەردەگرێ.
لەئاســـت کارەبای بەهێـــزدا خۆراگرە، لە ئاســـت گەرمای زۆردا تێکناچێت، کێشـــی 120 گرامە.
دیزاینەکەی سەرنج راکێشە.

شـــەحنکەرەوەی ناوبراو لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشـــی سەرەکی پلاسیتکە و رەنگی رەساسییە، بەڵام تۆز و خۆڵ ناگرێت. لەلای گۆشـــەی راستی شـــەحنکەرەوەکە شوێنی دانانی micro USB هەیە. هەرکە مۆبایلەکەت خســـتە سەر شـــەحنکەرەوەکە ئۆتۆماتیکی دەســـت دەکات بە شـــەحنکردنەوە. بەشی دووەمی شـــەحنکەرەوەکە پلێتـــی ئەلۆمینیۆمە و زۆر بەهێزە، پلێتەکە کە بە ستاند دەناسرێت بۆ راگرتنی مۆبایلە.

# دەستبەندە هۆشمەندەکەی مایکرۆسۆفت بۆ دوو سیستەم




دەســـتبەندی هۆشـــمەند تا رادەیەکـــی زۆر شـــوێنی کاتژمێری گرتۆتەوە، دەستبەندی سمارت ئەو بازنەیە کە لە دەســـت دەکرێ و چەندین ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدات، پێشووتر کۆمپانیای سامسۆنگ و ئەپل و چەند کۆمپانیایەکی دیکە دەســـبەندی هۆشـــمەندیان خســـتۆتە بازاڕەوە، بەڵام ئەمجارە مایکرۆسۆفت نیازی هەیە دەســـتبەندێکی نوێ بەتایبەتمەندییەکی نوێوە بخاتە بازاڕەوە.

دەســـتبەندە نوێیەکەی مایکرۆســـۆفتیش گرنگتریـــن ئەرکەکانی ئەمانـــە دەبن، پێوانی کالۆری ســـووتێندراو، واتە ئەو وزەیە مرۆڤ رۆژانە بەکاری دێنێ. ژماردنی ئەو هەنگاوانەی هەڵیان دێنییەوە و لێدانی دڵ... ئەمانە بەشێکن لە ئەرکی دەســـتبەندەکەی مایکرۆســـۆفت. جیـــاوازی ئەم دەســـتبەندە لەگـــەڵ ئەوانی دیکە لەوەدایە کە لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئەپل دەگونجێت.



# بچووکترین سکاینەری وایەرلەیس

سکاینەر ئامێری گواستنەوەو لەبەرهەڵگرتنەوەی داتا و دۆکیۆمێنتەکانە بۆسەر کۆمپیوتەر، لە تەکنەلۆژیای سەردەمدا ئەم ئامێرە رۆڵێکی گرنگی هەیە، ئەوانەی کە ئەرکی دیزاین و نەخشەسازی ئەنجام دەدەن دەزانن رۆڵی ئەم ئامێرە چەندە گرنگە.

لەم رۆژانەدا سکاینەری جۆری PocketScan بەرهەم هاتووە کە دەکرێت بڵێین بچووکترین سکاینەری بێ وایەرە. وەك گشت سکاینەرەکانی دیکە دەبێت سکاینەرەکە بەسەر ئەو دۆکیۆمێنتانەدا بێنی کە نیازتە سکانیان بکەی، بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە دەتوانی بابەتە سکانکراوەکە بۆ مۆبایل یان کۆمپیوتەر بەرێ بکەی. جگە لەوەش سکاینەرەکە تەکنەلۆژیای OCR تێدایە کە بەهۆیەوە دەکرێت دۆکیۆمێنتە نووسراوەکان بکەیەوە بە دەق و لە پرۆگرامی word دا بیکەیەوە. هەروەها دۆکیۆمێنتە جەدوەلەکان لە پرۆگرامی Excel دا بکەیەوە. کێشی سکاینەرەکە تەنیا 85 گرامە. هەرکاتێك شەحن بکرێتەوە دەتوانی 400 لاپەڕەی پێ سکان بکرێت.




# کۆمپیوتەرێکی بچووکی پورتێبڵ

ئەگەر نەك بۆ مێژوویەکی زۆر تەنیا بۆ دە ساڵ لەمەوبەر بگەڕێینەوە، دەماندی لەسەر مێزی کار و لە نووسینگە و ئیدارە و ژووری دیزاینی گۆڤار و رۆژنامەکان شاشەی گەورە و قورس، کۆمپیوتەری گەورە لە تەنیشتی دادەندرا، ئێستا شاشەکان تەنك بوونەتەوەو کۆمپیوتەرەکانیش بچووکتر، کەچی هێشتا ئەو کۆمپیوتەر بچووکەی کە لێرەوە باسی دەکەین لەسەر مێزی کار نابیندرێن.

کۆمپیوتەری بچووك و پورتێبڵی Tango کۆمپیوتەرەکە دەکرێت لە گیرفان بخرێت و لە هەموو شوێنێکیش لەگەڵت بێت، کێشی کۆمپیوتەرەکە 198 گرامە، واتە بەقەد مۆبایلەکەت، بەو کۆمپیوتەرەوە دەکرێت گشت کاروباری رۆژانە و تەنانەت یارییە ئەلکترۆنییەکانیش ئەنجام بدەی. کورد گوتەنی عەقڵ بە گەورە و بچووکی نییە، کۆمپیوتەرە بچووکەکەش توانا و زەینی بەقەد کۆمپیۆتەرێکی مەزن دەبێت، چونکە خێراییەکەی 2 گیگاهێرتزە، رامەکەی 8 گیگابایتە. بۆ خەزنکردنی زانیاری میمۆری جۆری SSD هەیە کە لە 32 گیگابایتەوە هەتا یەك ترابایتیشی هەیە. شوێنی دانانی USB و کێبڵی HDMI هەیە سیستەمی ویندۆز8ی لەسەرە، ئەمرۆژە دێت لەبری مۆبایلەکەت کۆمپیوتەرە بچووکەکەت لە گیرفانتدا دەبێ کە گشت کارو ئەرکەکان ئەنجام دەدات.

# یەکەمین کاتژمێری سمارتی چەماوە

کاتژمێری سمارت لەم دوو ساڵەی دواییدا هەندێك لە بازاڕی تەکنەلۆژیای سەردەمیان داگیر کردووە، ئێمەش بە پێی پێویست چەندین کاتژمێری هۆشمەندمان ناساندووە، ئەرکی گرنگی کاتژمێری هۆشمەند هاوکاری کردنی مۆبایلە، وەك وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان، خوێندنەوەی کورتە پەیام و ئیمێلەکان و ئاگادارکردنەوەکان...تاد. لەم دواییەدا کاتژمێری هۆشمەندی moment بەرهەم هاتووە کە دەکرێت بڵێین جیاوازییە هەیە لەگەڵ کاتژمێرەکانی پێش خۆی، بەتایبەتی لە ستایلەکەیدا، چونکە ئەم کاتژمێرە باتری چەماوەی لەسەرە و بەهۆی ئەم باترییەوە هەتا یەك مانگ دەتوانی بەبێ شەحن کار بکات.




شاشەکەی لە جۆری OLED یە و توانای چەند لەمسی هەیە. بارستاییەکەی 9 ملمە و کێشەکەی تەنیا 100 گرمە و وەك دەستبەندێکیش لە دەست دەکرێت، کیبۆردی لەمسی خۆی هەیە، سیستەمی GPS ی لەسەرە و لەگەڵ زۆربەی مۆبایلەکانیش پەیوەند دەدرێت.

# کیبۆردە تایبەتەکانی

١

یاریی ئەلکترۆنی واتە گەیم لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو گرنگی زۆری پێدەدرێت و تا ڕادەیەك شوێنی گەمەی جەستەیی گرتۆتەوە، هەرچەندە لەم هەرێمەی ئێمەشدا گەمەکردن لەسەر کۆمپیوتەر و مۆبایل کە بەداخەوە جار هەیە ڕۆڵی نەرێنی دەگێڕێ بە زۆری هەست پێدەکرێ، جار هەیە دەچییە ئیدارەیەك، یان نووسینگەیەك و ئەرکێکی گرنگت هەیە، کارمەندانی ئەو ئیدارە یان نووسینگەیە لەبەر یاری کردن بە کۆمپیوتەر و



## کیبۆردی جۆری Logitech G19s:

ئەگەر بەدوای کیبۆردێکی تایبەتید بگەڕێی کە لە جەنگەی یاریدا زانیاری گرنگ لەبارەی یارییەکەوەت بداتێ، کیبۆردی ناوبراوە، ئەم کیبۆردە لەلایەن کۆمپانیای سویسری لاجتیك، چێکراوە. لەم کیبۆردەدا شاشەیەکی LCD ڕەنگی هەیە بۆ نیشاندانی زانیارییە گرنگەکان وەك چۆنییەتی یاری، ڤیدیۆی گەڕانەوە، زانیاری سیستەم...تاد. هەروەها دەکرێت ڕووناکی دوگمەکان بەهەر ڕەنگێك حەزت لێیەتی دایبنێی.

## کیبۆرد یا کەی پەدی Razer tartarus:

کەی پەدی تاروس لە شێوەی کیبۆرد دەچێت ئەم کەی پەدە بە یەك دەست فەرمانەکان ئەنجام دەدات، بە جۆرێك کە دەستەکەی دیکەت هیچ ئەرکێك ئەنجام نادات. کەی پەدەکەی تارتاروس 25 دوگمەی هەیە. ستایلی کیبۆردەکە ئۆرگۆنۆمیکە، ئەم کەی پەدە پرۆگرامێکی تایبەتی بەناوی Synopse لەگەڵدایە کە دەکرێت زۆربەی ئەرکەکان بەو بسپێردرێن.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت، ئایا چۆن دەکرێت بمەوێ سایتێك بکەم بە فایلی PDF بۆ ئەوەی کە دواتر و لەکاتی نەمانی ئینتەرنێتدا بیخوێنمەوە، یان بابەتێك کە لەسەر سایتێك دابێت بە ئاسانی بیکەم بە PDF؟

خوێنەری بەڕێز ئەمەی تۆ باسی دەکەی لە گوگل کرۆمدا بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت، کاتێك سایتێك دەکەیەوە و یەکێك لە لاپەڕەکان سەرنجت ڕادەکێشێ، دوگمەی Ctrl+P دابگرە ئەوکات لاپەڕەی چاپکردن یان پرێنت کردن دەبێتەوە، دواتر فەرمانی Chingas لێبدە و ئەوکات SAVE as to PDF لێبدە.

# یاریی ئەلكترۆنی

مۆبایل ئەركی خۆیان لەبیـــر دەچێتەوە و درەنگ وەڵامت دەدەنەوە.

یـــاری ئەلكترۆنی زۆر ئامێـــری تایبەتی بۆ چێكراون، هەروەها ئامێری لاوەكی وەك جویستیك و ماوس و كیبۆردی تایبەتیشی بۆ چێكراوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین چەندین كیبۆرد كە تەنیا بۆ یاری ئەلكترۆنی چێكراون بناسـێنین، دیارە ئەم كیبۆردانە ئەركی كیبۆردی ئاسایش ئەنجام دەدەن.

## كیبۆردی جۆری :mad catz S.T.R.I.K.5

ئەم كیبۆردە ستایلەكەی لە كیبۆردەكانی تر جیاوازە، چونكە بەكارهێنەر دەتوانی بە ویستی خۆی كیبۆردێك بۆ خۆی دابنێت. گەمەكە هەر جۆرێك بێت. كیبۆردەكە لەبەریەك هەڵدەوەشـێتەوە و لە چەند بەشێكی سەربەخۆ پێكهاتووە و بەویســتی بەكارهێنــەر دادەنرێن. خاوەنی 24 دوگمەی پرۆگرام دانانە، ســێ پرۆفایل، تیشــكی باكگراوەند و شاشەی لەمسی.





## كیبۆردی جۆری :Razer deathstalker ultimate

كیبـــۆردی ناوبراو ئەزموونێكی نوێــت بۆ كۆنترۆڵ كردنی یاری پێدەبەخشـــێ، كیبۆردەكە شاشـــەیەكی جۆری LCD لەســـەرە، هەروەها دە دوگمەی تایبەتی بـــۆ جێبەجێكردنی فەرمان بە دەنگی بەكارهێنەرە. شاشـــەكە تەنیا زانیاری تایبەت بە یارییەكە نیشـــان دەدات بەڵكو وەك ماوسێكیش كار دەكات.



## سایتێك بۆ ناساندنی جوگرافی بە منداڵان

سایتی Kids national geographic سایتێكی لە باری گرافیكیەوە لەسەرێیە، سایتی ناشناڵ جوگرافیك بۆ منداڵان، ســـایتێكی جوگرافییە بۆ ناســـاندنی خەڵك و شـــوێن و گیانلەبەران لـــە رێگای فیلـــم، وێنە و نیگار و دەقەوە. لەم ســـایتەدا دەیان یاری ســـەرنج راكێش هەن. یارییەكانیـــش زیاتر یاری فێركاری و جوگرافین. جگە لە بەدەســـتهێنانی زانیاری، دەتوانیت زەینی منداڵەكەشت تاقی بكەیەوە و مەتەڵ و پازێڵی سەرنج راكێشی تێدایە.